# کۆمەڵێک لە شیعرەکانی

مامۆستا مەلا غەفووری ڕابادیلم بە رجاد کەوت کە هێنیا
بوی من لە بارەی چۆنیەتی تەرزو مانا و بیروبڕوای
خۆم دەربڕم

ڕەنگە ئەگەر بێتو لەگەڵ بڵێم خوێنەوارن لایان وابێ
ڕوو بینیم بە خەرجم داوە ئەگەر وا بیر بکەنەوە پێیم ڕوونە
زۆر بێ ئینسافن مەلا غەفوور گەوهەرێکی بە گەوهەرە ڕوو
دەست ڕەنگینە ئەگەر ڕامالی دنیای نەبوە ، پێشم وایە
قەت بێ بێ

بەڵام لەوەقە لە شاعیری و دەم پاراوی هونەری دڵ هەزکا
ڕەنگینە . لە تەرازوی لەگەڵ سەنگانی وێژەوانی تا بێژی
قورس و سەنگینە

هەوجە نیە دانە دانەی شیعرەکانیشی کەمەوە و خوێنەرانی
ئاشنا ڕەزا کەم . لەبەر ئەوەی بە وردی وزانای وەیان خوێنی
و بایان ئەوەوە ، لێ دەرکا دەزانێ من بە دڵ دەڵێم
ورانت دەکەم کە مەلا غەفوور ئێستا کە ئەستێرکە لە ئاسمانی
کوردەواری و لە لای من تێشک داوێژێ و هێندێک لایان

تاقە کراسێ بدری بە پیسی
هەزار بە پاکی بدرە هەر پیسی

گەر بە درۆزن نیشو بانگت رۆیی
بێ نرخی لە لای بێگانە و خۆیی

بەو کەسە دەکرێ بڕواو متمانە
پابەندی وەفا و عەهد و پەیمانە

کەسێ راست نەبێ قەول و بڕیاری
بیخاتە پشت گوێ شەرت و قەراری

گەورەش بێ لە ناو کۆمەڵ بچووکە
وەك پوولی قەڵب سووك و چرووکە

سوور نەبی لە سەر وەعدەو بەڵێنی
گەنجی دونیات بێ پووشێك ناهێنی

بێ دا بنشین تاوێك دوو بە دوو
بێ ژنگیێك دانێین لە بەینی هەر دوو

دەروانینە یەك لە روی تێ بینی
ئەو تێت دەبینم کە تێ دەمبینی

من چەندە بێ تێ دەکەم دیاری
تێش هەر ئەوەندە لە منەوە دیاری

حەزدەکەی نەچیە ژێر زنجیر و کۆت
دامەزرێ لە سەر پەت و سینگی خۆت

کێ رازی نەبێ بە بەخت و بەشی
تەمەن سەردەبا بە چارەڕەشی

ژن دەڵێ نانی ویشکم دەست کەوێ
خۆشە نەك پلاو لە پەنای هەوێ

پاشایەتی بە ماڵی بە تەنێ
کیتەڵەی تەنێ بە بەهەشتی بەنێ

قازانی میردان بە حەوت ساڵ جارێ
دێتە کوڵ بەڵام دەرزێ بە جارێ

متەی هەمانە و داسی ڕەمانە
زۆر باوە لە ناو دۆستی زەمانە

بۆیە جارز بوم من لەم ژیانە
ڕێوی لە حاستم شێری ژیانە

خراپت بۆ خۆت دانەنا کاکە
خوداش و خورماش تەگبیری چاکە

ئازا کوڵی دڵ دەڕێژی بە قین
بێ دەسەڵاتیش بە گریان و شین

بەینێکە بڕوات بە کەس نەماوە
نێرە بێدۆشە لە تۆ ڕوی داوە

ناندێن کون مەکە لێت خوارد بۆ نان
جێژمت لە خوێ کرد مەشکێنە خوێدان

هەرچی نەبوبێ نەیان فەرمووە
بیری دواییت بۆ ئەوی چو چووە

وریا بە نامە تا نەختێ زووە
تا زۆڵە چەرم ئاو نەی بردووە

من لە خەڵکم بیست تۆش ببیسە لێم
جام دەڵێ بشکێم بەڵام نەزرینگێم

لە دوی وێڵ مەبە تازە بێ سودە
باز لە بەرەگە دەرچو بێهودە

قسە بێکەڵکە درێژ و زۆر بێ
کەم و دڵگر بێ نە زۆر بێ و بۆر بێ

زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە
زوتر قەرە بوی بۆ دەکرێتەوە

دەرفەتە هەرچی دەست بەجێ کریا
خوزگە بەو خوێنە شەو دێ بەسەریا

ئەگەر هەڵی کرد سۆزەی زریانی
نە چۆڵ دەپرسێ نە ئاوەدانی

واتە کچ کاتێ مەیلی بو لە شوو
ناپرسێ تەرەف هەنگوینە یان گوو

شوڵێک بە تەنیا تۆ دەی شکێنی
دو و سیش بن رەنگە زەدەی پی بینی

بەڵام کە بوو بە حەوت و هەشت و نۆ
ناشکێ بە حەوتی وەکو من و تۆ

وتەی پێشینیان بە دڵ بسپێرە
سەفەری زستان خۆی لێ ببوێرە

نەکرا ببووری تۆ لەو سەفەرە
هاوڕێی شارەزا لە گەڵ خۆت بەرە

سبەی ڕێکەوە هەتا نیوەڕۆ
لە کوێ مایەوە دەرت کەن مەڕۆ

زستان روخۆش بو بۆی هەڵمەخوێنە
سەر وەشێن نەبێ کلک وەشێنە

ئـاشنا بوگـم له ته‌کتـا من له شیرینــــی خـــه‌وا
تو دڵت بردم به گفتی خۆش و خرنگـه‌ی بازنـــــــه

ده‌نگــی تۆ وه‌ك كاره‌با مچورکی هاورده لـــه‌شـــــم
ئه‌تــوت ئـازام گشتی مارانگـازه ده‌رزی ئـازنـــــه

عه‌شقــی تۆ داگیه له کەللم بێقـــه‌رامــی کردگــــــه
یادی تۆ بۆ من له‌باتی خواردنه هه‌م خه‌وتنـــــــه

ناومـــه زیـّـر پای خه‌یاڵــت شۆرمت و ناوو نیشـــــان
یادی پیرۆزت لـــه دلْما تا دمـی کۆچ کـــردنـــــه

گه‌رچـی ئیـّژن ( عشـــق پیری سر به‌رسوایی زنـد )
چاره چـس؟ جه‌رگـم به خه‌نجێری فیراقت جن جنـــه

وا ئیتر خـــۆم خسته ده‌رگـــات و شفاو لالـّم فره‌س
ئاره‌زوو ئاواتـــی وصـڵت تـــاکـــو رۆژی مــــردنـــــه

بیکه خێر جوانیت و ساته‌ی سه‌ر له قاپیم ده‌رمـــه‌کـــه
ناگه‌ڕکیـــه . خوا ، کمـــێ پیشـــه‌ی گـــه‌دا ده‌رکردنــــــه

گه‌رد ن و روو سینه ده‌رخـــه بیـّـژه حـــافز بێ بەره‌و
دیـــاره ئیـده‌ی تۆ گوڵـــه تاویّ له باخم گوڵ چنـــه

## شیعـــرێکـی بـۆ نیشـــان

نەفام و هەرزە ئێژن پیاو بە پارە زیـر و ماقوڵـــە
بەڵام پیاوی بە بیر و زیر ئەوی پێی هیچ نەبێ پوڵە

لە لای بەعزێ ئەوی کۆشکی هەبو فۆرتی لە بن پێ بوو
پەسندی خەڵکە زانایە قسەی جـێ گیر و مەقبـــوڵـــە

ئەوی لای گەل بە قەدر و قیمەتــە با پێت بڵێم کێیە
کەسێکە خۆی وەلا نـاوە بە کاری خەڵکـی مەشغوڵـــە

نەجابەت کردەوەی جـوانــە ڕوواڵــەت بۆ فریو دانـــە
ئەگــەر بۆ سودی شەخســی بێ سەولدیش هەر وەکو پوڵە

دەبینی گەر تەماشا کەی بە دیقەت سەیری دونیا کەی
لە بۆ پڕ کردنی گیرفان و ورگە ئەم جم و جـوڵـــە

بە بیری بێنێ داریـێك بێ چەمێـس ڕەنگە بیشکێنـــێ
بەلام هەر چونـی مەیلــت لێ بو ڕای دێنی هەتا شوڵە

مولاقاتی کەسێکم کۆنتریــن ئـاواتــە هـــەی هـــاتـــە
ئەمــن لیــرە لە کـوردوستــان دەژیــم و ئەو لە دزفولە

مەلــەی گۆمی سیاسـەت حـەستەمە حافـز مەچۆ نیــــوی
گــەلــێ پسپۆڕی تیـا خنکـاوە بــێ ئامانــە زۆر قوڵـــە

پــــائیـــــزی ١٣٥٨

